



# دەستە مۆدەیەکی تازە

لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و سەرمای ئەمساڵ، بۆ ئەوەی بە مۆدەیەکی جوان و شێوەیکی تازەوە جوانیت دەربکەوێت، چەند جۆرە مۆدەیەکی زستانە بکە مۆدەی جلوبەرگەکانت، ئەم مۆدەیەش شێوەیەکی ناسکی هەیە جگە لەوەی لەسەرما دوورت دەکات.

مۆدەی زستانی ئەمساڵ دەبێتە چەند جۆرە مۆدەیەك کە زیاتر لەگەڵ تەنوورە و کۆلۆنی سادە دەپۆشرێت، مۆدەکانیش بریتییە لەم شێوانە:

- چاکەتی سەرەوە کە لە (خووری) بێت، شێوەیەکی درێژی هەبێت تاوەکو نزیکەی ئەژنۆ درێژبێت. هەروەها لەگەڵ دەستەوانە دەبێتە جلێکی تەواو بۆ پۆشینی گشت جەستە.



## چۆنیەتی پاککردنەوەی

خانمی جوان..زۆر جار تووشی گرفت دەبیتەوە لە کاتی جل شووشتن، یەکێك لەو گرفتانەی دەکەوێتە بەردەمت بوونی جلوبەرگ بە (ئارەقە) بەتایبەت ژێر باڵ وقۆڵ !

ئەمەش گرفتێکە لەوانەیە بەچەندین کەرستەی پاککردنەوە لانەچێت، ئەوەی بەسوود بێت بۆت دەتوانیت لەرێگەیەکی سادەوە ئەم گرفتە چارەسەر بکەیت ئەویش بەم شێوەیە:

- ئەو جلەی کە بە ئارەقەویە، لەناو ئاوی گەرمی دابنێ بۆ ماوەیەك دواتر دوو دانە (حەبی ئەسپرین)ی

## پاشماوەی (ئارەقە)ی جل!

بخەرە ناو ئاوەکە، ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی لابردنی ئارەقەکە چونکە ئەسپرین دژی ماددەی سوێرە و بەم شێوەیە و دواتر جلەکە بشۆ ئەنجامەکەی شوێنی ئارەقەکە نامێنێت!

- هەردەم جلوبەرگ بە ئاوی گەرم بشۆ، بەڵام چاکترە سەرەتا لەناو ئاوی گەرمیان دابنێیت بۆ ماوەیەك پاشان دەست بە شووشتنی بکەیت..





# بۆ وەرزی زستان

- چاکەتی قوماش، ئەمەش وەك مۆدەیەکی تەسك بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان بۆ ئەوەی نەبێتە بارگرانی، ئەم چاکەتە شێوەیەکی ناسکی هەیە و لەگەڵ تەنوورە و کۆلۆن دەپۆشرێت، هەروەها لەگەڵ ئەم چاکەتەدا بوونی (جەنتا)یەك زیاتر مۆدەکە جوانتر دەکات..

- بۆ ئەو رۆژانەی زستان کە زۆر سارد نابێت، یان بۆ شوێنێك کە لە ژوورەوە بێت، ئەم مۆدەیە جۆرێکی داناوە ئەویش (بەدی بەقۆڵ)ە و ئەمەش بۆ ئەو کاتەی لەشوێنێکی گەرم دەبیت،بەدییەکە بچووکە و قولێکی درێژی هەیە بۆ پۆشینی دەست.

ئەوەی جوانە لەم مۆدەیەدا کە رەنگی رەش رەنگی سەرەکییە، چونکە رەش رنگێکە گەرمی هەڵدەگرێت و لەساردی دوورت دەخات!

# مۆدیەکی تازەی (پەردە) بۆ ماڵەکەت

لەگەڵ گشت گۆڕانکارییەك لە بواری مۆدە و جوانکاری و کەرستەکانی ماڵ، شێوە گۆڕانکارییەکی شایستە بەسەر کەرستەیەکی ماڵ داهاتووە و ئەم گۆڕانکارییەش یان ئەم مۆدە تازەیە لەم کەرستە پێویستەی ماڵ، لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی دیکەیە. ئەم کەرستەیە (پەردە)ی ماڵە کە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر جوانی ماڵ..



مۆدەی پێشووی پەردە بریتی بوو لە (دوو پەردە) لەگەڵ یەکتر رێکدەخرا، بەڵام شێوازێکی تازەی پەردە کە شێوەیەکی جوان و شایستەی هەیە، بەم شێوەیە:

- شێوەی درێژە و لە درێژییەکەیەوە دەکرێت بە شێوەیەکی جوان و کە وەك نەخش دەبێت، ئەمەش بەهۆی هەڵواسینی کە وەك رووبار دەردەکەوێت!

- لەیەك پارچە پێکهاتووە و بەڵام دەتوانیت بکرێت بە نەخش و دواتر لە خوارەوە ببێتە پەردە بۆ پۆشینی پەنجەرە..

- لەگەڵ ئەوەی شێوەیەکی درێژی هەیە هەروەها لە پانییەوە شێوەی گەورەیە ئەمەش بۆ ئەوەی نەخشەکە جوانتر بکات..

- رەنگی ئەم جۆرە پەردەیە لە دوور رەنگی سەرەکی بەکاردێت، رەنگی زەردی کاڵ (شەکەری)، یان رەنگی قاوەیی لە شێوەی ئاگری. ئەم دوو رەنگە لەگەڵ رووناکی پەنجەرە رێکدەکەوێت و دەبێتە رەنگدانەوەی رووناکی لەلای پەنجەرەوە بۆ ژوورەوە..

- بۆیە هەوڵبدە ئەم جۆرە پەردەیە لەماڵکەت دابنێت و پێبرازێنیتەوە، تەنیا دەتوانیت ئەم جۆرە پەردەیە لەماڵەکەت هەبێت کاتێك پەردە ئامادە دەکەیت، قوماشێکی نەرم و زۆرە بۆ ئامادە بکە و بەم شێوەیە دەبێت. چونکە ئەگەر قوماشی پەردە کورت بێت یان تەسك بێت، جوانی خۆی لەدەست دەدات..



# ئەگەر خێزانەکەت





ئەمە ناونیشانی ئەم پێشبڕکێیە بە کۆمەڵەیە کە لە وڵاتی (چین) ئەنجامدراوە، بۆ گشت خەڵکە و بۆ ئەوانەی حەزیان بە بواری یاری کردن و پێشبڕکێ هەیە و بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتر بەسەر ببەن، پێشبڕکێیەکە بریتی بوو لەوەی (پیاو دەبێت خێزانی خۆی هەڵبگرێت)!

پێشبڕکێەکە لە شاری (هواینگ) لە هەرێمی سێشوان ئەنجامدرا و نزیکەی (٨٠) خێزان واتە (هاوسەر) بەشداریان لە پێشبڕکێیەکە کرد، ئەمەو دەبوایە بۆ ماوەی (٤٥) خوولەك



# لەگەڵ (٨٧) مار لەنێو بانیۆی حەمام!

ئێمە لە خوا داوامانە لە مار و دوو پشك بەدوورمان بکات، کەچی هەیە پێچەوانەی ئێمەیە و بەڵکو ژیانی لەگەڵ مار رۆژانە دەباتە سەر و دەیەوێت بەهۆی هاوڕێتی لەگەڵ مارەوە نازناوێکی سەیر بۆ خۆی دابین بکات.

پیاوی مار نازناوی ئەم پیاوەیە کە لە ویلایەتی (تیکساس)ی ئەمەریکی لەگەڵ کۆمەڵە مارێك دەژییێت، لەگەڵ ئەوەی هێشتا ژنی نەهێناوەتەوە، کە پێشتر لەگەڵ خێزانەکەی جیابۆتەوە لەسەر مار. ئەم پیاوە تەمەن (٤٢) ساڵە و ناوی (جاکی ببی)یە، بۆ ئەوەی نازناوێکی سەیر تۆمار بکات، هەموو رۆژ مارەکانی دەشوات و وەك دەیبینن لەگەڵ (٨٧) مار لەناو بانیۆی خۆشووشتن پاڵ کەوتووە و وادەزانێت لەگەڵ مرۆڤە!

ئەمەو پێشتر توانی لەگەڵ (٧٥) مار بخەوێت،بەڵام ئەمجارە (١٢) ماری زیاتر کردووە و لەگەڵیاندا خۆی دەشوات و دەیەوێت ببێتە خاوەن نازناوێکی گەورە بۆ ئەوانەی لەگەڵ ماردا ژیانیان بەسەر دەبەن.



# دەوێت هەڵیبگرە!





پیاوەکان خێزانەکانیان لەسەر شانیان هەڵبگرن و رابکەن تا دەگەنە شـــوێنی مەبەست، خۆشی ئەم پێشبڕکێیە لەوەبوو کاتێك پیاوەکان ماندوو دەبوون و دەکەوتن، ئەوانەی هاوسەرەکانیان قەڵەو بوون هەر لەسەرەتای پێشبڕکێیەکە دەکەوتن..

جا هەریەکە بە شێوازێك خێزانەکەی هەڵگرتبوو، ئەوەی سەیر بێت یەکێکیان هاوسەرەکەی وەرگێر هەڵگرتبوو واتە سەری خێزانەکەی لەخوارەوە بوو و قاچەکانی لەملی پیاوەکەی دەبێت، ئەو دەتوانێت پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت وەکو لە وێنەکەدا دەبینن!

# ئاگاداری ئەم کچە بە لێتنەدات!



ئەوەی ئەم کچە نەناسێت دەڵێ کچێکـــی ئاســـاییە و وەك هەر کچێك، بەڵام سەیر بکەن و بزانن خـــاوەن چ جۆرە جەســـتەیەکی بەهێـــزە، وەك ئـــەوەی یـــاری لەشـــجوانی بکات! ئـــەم کچە ناوی (پاتریســـایە) و خەڵکی وڵاتی ئیتاڵیایە، تەمەنی (٢٦)ساڵە. خاوەن ئەم جەستە بەهێز و سەیرەیە، کەچی دوورە لە یاری لەشـــجوانی و تەنیـــا لەماڵەوە کاری قوڕس دەکات.

جەســـتەیەکی بەهێـــزی هەیە وەك ئەوانەی یاری لەشجوانی جەســـتە دەکـــەن و ئەمـــەش بەهرەیکی ســـەیرە و لەچەندین یانەی لەشجوانی داوای لێکراوە کە یاری لەشـــجوانی بکات و دەبێتە خاوەن گەورەترین جەستە لەسەر ئاســـتی ئافرەتان، بۆیە ئاگاداری ئەم جۆرە کچانە بن لەوەی تووشت نەبێت!



# ئەگەر خێزانەکەت





ئەمە ناونیشانی ئەم پێشبڕکێیە بە کۆمەڵیە کە لە وڵاتی (چین) ئەنجامدراوە، بۆ گشـــت خەڵکە و بـــۆ ئەوانەی حەزیان بە بواری یاری کردن و پێشـــبڕکێ هەیە و بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتر بەسەر ببەن، پێشـــبڕکێیەکە بریتی بوو لەوەی (پیاو دەبێت خێزانی خۆی هەڵبگرێت)!

پێشـــبڕکێەکە لە شـــاری (هواینگ) لە هەرێمی سێشـــوان ئەنجامدرا و نزیکەی (٨٠) خێزان واتە (هاوســـەر) بەشـــداریان لە پێشـــبڕکێیەکە کرد، ئەمەو دەبوایە بـــۆ ماوەی (٤٥) خوولەك





# لەگەڵ (٨٧) مار لەنێو بانیۆی حەمام!

ئێمـــە لە خوا داوامانە لە مار و دوو پشـــك بەدوورمان بکات، کەچی هەیە پێچەوانەی ئێمەیە و بەڵکو ژیانی لەگەڵ مار رۆژانە دەباتە سەر و دەیەوێت بەهۆی هاورێتی لەگەڵ مارەوە نازناوێکی ســـەیر بۆ خۆی دابین بکات.

پیـــاوی مار نازنـــاوی ئەم پیاوەیـــە کە لە ویلایەتی (تیکســـاس)ی ئەمەریکی لەگەڵ کۆمەڵە مارێك دەژییت، لەگەڵ ئەوەی هێشتا ژنی نەهێناوەتەوە، کە پێشـــتر لەگەڵ خێزانەکەی جیابۆتەوە لەسەر مار. ئەم پیاوە تەمەن (٤٢) ساڵە و ناوی (جاکی ببی)یە، بۆ ئەوەی نازناوێکی ســـەیر تۆمار بکات، هەموو رۆژ مارەکانی دەشـــوات و وەك دەیبینین لەگەڵ (٨٧) مار لەناو بانیۆی خۆشووشـــتن پاڵ کەوتووە و وادەزانێت لەگەڵ مرۆڤە!

ئەمەو پێشـــتر توانی لەگەڵ (٧٥) مار بخەوێت،بەڵام ئەمجارە (١٢) ماری زیاتر کردووە و لەگەڵیاندا خۆی دەشوات و دەیەوێت ببێتە خاوەن نازناوێکی گەورە بۆ ئەوانەی لەگەڵ ماردا ژیانیان بەسەر دەبەن.

# دەوێت هەڵیبگرە!





پیاوەکان خێزانەکانیان لەسەر شانیان هەڵبگرن و رابکەن تا دەگەنە شوێنی مەبەست، خۆشی ئەم پێشبڕکێیە لەوەبوو کاتێك پیاوەکان ماندوو دەبوون و دەکەوتن، ئەوانەی هاوسەرەکانیان قەڵەو بوون هەر لەسەرەتای پێشبڕکێیەکە دەکەوتن..
جا هەریەکە بە شێوازێك خێزانەکەی هەڵگرتبوو، ئەوەی سەیر بێت یەکێکیان هاوسەرەکەی وەرگێر هەڵگرتبوو واتە سەری خێزانەکەی لەخوارەوە بوو و قاچەکانی لەملی پیاوەکەی دەبێت، ئەو دەتوانێت پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت وەکو لە وێنەکەدا دەبینین!

# ئاگاداری ئەم کچە بە لێتنەدات!



ئەوەی ئەم کچە نەناسێت دەڵێ کچێکی ئاساییە و وەك هەر کچێك، بەڵام سەیر بکەن و بزانن خاوەن چ جۆرە جەستەیەکی بەهێزە، وەك ئەوەی یاری لەشجوانی بکات! ئەم کچە ناوی (پاتریسایە) و خەڵکی وڵاتی ئیتاڵیایە، تەمەنی (٢٦) ساڵە. خاوەن ئەم جەستە بەهێز و سەیرییە، کەچی دوورە لە یاری لەشجوانی و تەنیا لەماڵەوە کاری قورس دەکات.
جەستەیەکی بەهێزی هەیە وەك ئەوانەی یاری لەشجوانی جەستە دەکەن و ئەمەش بەهرەیکی سەیرە و لەچەندین یانەی لەشجوانی داوای لێکراوە کە یاری لەشجوانی بکات و دەبێتە خاوەن گەورەترین جەستە لەسەر ئاستی ئافرەتان، بۆیە ئاگاداری ئەم جۆرە کچانە بن لەوەی تووشت نەبێت!









# منداڵێک بە (4) دەست و قاچ!

لەکاتی لەدایك بووندا چەندین جۆر حاڵەتی سەیر و ناسرووشت دەبینرێت، بەڵام هەندێکیان سەیرە و دەتوانرێت لە داهاتوو چارەسەر بکرێت. دوای ئەوەی منداڵێك لە وڵاتی هیندستان لەدایك دەبێت بە (٤) دەست و (٤) قاچ، کە سەیرترین حاڵەتی لەدایك بوونە لەسەرتاپای جیهان. ئەم منداڵە ناوی (لاکیشمایە) و لەوڵاتی هیندستان لەدایك بووە و بەڵام لەسەرەتا ئاشکرا نەکراوە کە ئەم منداڵە بەم شێوەیە بووە! تا تەمەنی گەیشتۆتە (٢) ساڵ و بۆیە ئاشکرا کراوە بەهۆی ئەوەی نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوویان بۆ منداڵەکە کراوە بۆ ئەوەی لە (٢) دەست و قاچ رزگار بکرێت..


ئەمەو نەشتەرگەرییەکە ماوەی (٧٢) کاتژمێری وخایاند و بەسەرکەوتوویی منداڵەکەیان چارەسەر کرد، ئەمەش لە نەخۆشخانەی (سبارش لە شاری بنگالوور) جێبەجێ کراوە! ئێستا منداڵەکە حاڵەتی باشە و لەژێر چاودێرییە و بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێری دیکە بەهۆش خۆی نایەتەوە و نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بووە و توانراوە وەك مرۆڤ خاوەن (٢) دەست و قاچ بێت!





ئایا دەتوانیت لە ماوەی چەند خولەکێکدا جیاوازییەکان بدۆزیتەوە.

## شێتی (سی دی)ش پەیدا بوو!



ئەو برادەرانە بەرەو شێت بوونێکی سەیر رێگەیان گرتووە و کەس نازانێت بۆچی ئەم شێوازە ژیان دەبەنەسەر! سێ گەنج لە وڵاتی رووسیا شێتی سی دی (cd) بوونە و رۆژانە لەگەڵ ژیانیان بەکاریدەهێنن وەك ئەوەی لە کاتی نانخواردن خواردنی پێوە دەبرن، یان بۆ کاری برین و شتی دیکە بەکاریدەهێنن. ئەوەی سەیر بێت لێرەوە ئەم سێ گەنجە سی دی وەك ئێکسسوار و ملوانکە لە ملیان دەکەن، وەك لە وێنەکەدا دەبینن بەم شێوەیە رۆژانە لەنێو خەڵك دێن و دەچن. چەندین ئامۆژگاریان کراوە کەچی لەسەر ئەم شێوازەی خۆیان لانادەن و تا مردن بەم شێوەیە دەبن!

## نوکتە

- پیاوێکی کەم ئەقڵ هەردەم سەیری هەواڵەکانی دەکرد و رۆژانە کاتی هەواڵەکان بووایە وازی نەدەهێنا تاوەکو کۆتایی دەهات، یەکێك لێی پرسی و گوتی بۆ ئەوەندە سەیری هەواڵەکان دەکەیت؟
ئەویش گوتی:
دەمەوێ بزانم ئەڵقەی کۆتایی چ دەبێت!

...

- پیاوێکی (گێل) رۆژێك خەریکی ئیشی کارەبا دەبێت، لەناکاو کارەبا دەیگرێت خەڵکی هاواری بۆ دەبەن و دەڵێن: خۆت دوور کەوە و وایەرەکە بەردە..
ئەویش دەڵێت: هەتا بەرم نەدات من بەری نادەم!

# منداڵێک خاوەن (٢٥) پەنجەیە!



گشت مرۆڤێك خاوەن (٢٠) پەنجەیە لە دەست و قاچ، جار دەبێت پەنجەیەکی زیادە دەربکەوێت وبەڵکو هەندێك جار دوو پەنجەی زیادە دەبێـت لە کاتی لەدایك بوون. بەڵام ئەم منداڵە هیندستانییە خـاوەن (٢٥) پەنجەیە لە دەسـت وقاچ، واتە (٥) پەنجـەی لە ئێمە زیاترە و ئەمەش لەکاتی لەدایك بوونیەوە بەم شێوەیە بووە..

ئەم منداڵە ئێسـتا تەمەنی (٩) ساڵە و بەم شێوەیە ژیاوە تا ئێسـتا، نـاوی (دیڤینـدەر هارنی)یە و لە هیندسـتان دەژییێت، ئەمەو هەر دەسـتێکی ئەم منداڵە (٦) پەنجـەی هەیە و واتـە بەهەردوو دەسـتەکانی دەگاتە (١٢) پەنجە، هەروەها یەکێك لەقاچەکانی (٧) پەنجەی هەیە و ئـەوەی دیکەش (٦) پەنجەیە، کۆی گشتی پەنجەکانی دەگاتە (٢٥) پەنجە! ئێستا هارنی قوتابییە و رۆژانە چەندین قوتابی قوتابخانەکەی سەیری پەنجەکانی دەکەن و بۆتە شتێکی سەیر. هارنی لەلایەن خۆیـەوە دەڵێت: نامەوێ نەشـتەرگەری بۆ پەنجەکانم بکەم و چونکە خوا بەم شـێوەیە پێبەخشیوم و دەمەوێت بەم شێوەیە بێت!



## سەیرترین رووداوی هاتوچۆ

لە شاری (دێرشبیگل) لەوڵاتی ئەڵمانیا شوفێرێکی سـەرخۆش لە درەنگانێکی شـەودا خـۆی بەماڵێکدا دەدات و سـەیرترین رووداوی هاتوچـۆ ئەنجام دەدات، رووداوەکەش بەم شێوەیە دەبێت : دوای ئەوەی خێرا دەبێت و ئـاگاداری خۆی نابێت بەرەو خانووێك دەڕوات کە لە دار درووست کراوە و ناتوانێت کۆنترۆڵی ئوتۆمبێلەکەی بـکات راسـتەوخۆ دەچێتە نـاو خانووکـە و نیوەی ئوتۆمبێلەکە دەچێتە نـاو خانووەکە. لەگەڵ رووداوەکە شوفێرەکە لەهۆش خۆی دەچێت، دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیری دەکەن و دەیبەن بۆ گرتووخانە!

ئەوەی جێی سەرسـوورمانە ئەوانـەی لەخانووەکە بوون، لەناکاوێك بەم روودانەی ئۆتۆمبیلەکە لەترسـان هەریەکە لەخەوتنەوە رادەکات بۆ ئەوەی سـەلامەت بن! بۆیە ئەم رووداوە دەبێتە سـەیرترین رووداوی هاتوچۆ، وەکو لە وێنەکـەدا دەبینن ئوتۆمبێلەکە چۆن چۆتە ناو خانووەکە..




ئەوش بووە بالف؟

# کـەلـووەکـان



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەندێ کات بۆخۆشەویسـتەکەت تەرخان بکەبۆقسـەکردن. ئەوەی تۆ دەتەوێ مەحاڵ نییە. ئاگاداری باری دارایيت هەندێ پارە هەلگرە بۆکاتێکی پێویست. کەسـێکی تورەی لەپەیوەندی کاتێك کەسێك لێت نزیك دەبێتەوە گومانت نەبێت لەوکەسەچونکە بەڕاستی بەرژەوەندی تۆی دەوێ.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کاری ئەمرۆت فەرامۆش مەکە. ئەوکەسـەی تۆی هەڵتبژاردبوو وادەرنەچوو. لەمانگی داهاتوو تووشـی داووی خۆشەویسـتی دەبیت بیَ ئەوەی هەسـتی پێبکەی.لە هەسـتی بەرامبەرەکەت بگە. پێویسـتیت بەگوێگرتنە لەگۆرانی هێمن ولەسەرخۆ.تورەمەبە لە ئامۆژگاری مامۆستاکەت.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەنگاوبەهەنگاو بەرەو رووی خۆشەویسـتەکەت بـەرەوە تاوەکو تەواو لەیەکتری دەگەن.خۆت ئازار مەدە بەهۆی قسەی دەروبەرت. ئاگاداری جل وبەرگت بێت. پێویسـتە سەرێك لەپزیشـك بدەی. لەکارەکانت تووشی دەردەسەری دەبیت. دڵت فراوان بیَ لەرِەخنە مەترسە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بـەرەو چەند گۆرانکاریەك دەچیت کەلەبەرژەوەندی تۆدایە. خۆشـترین رۆژت چوارشـەممە دەبێت. لەبواری خۆشەویستی هەنگاوێکی باشت ناوە. هاورێکانت فەرامـۆش مەکە چونکە تۆیان خۆشـدەوێ. هەموو کاتێـك بەقوولی مەچوە نێوباسەکانت.مەترسە لەداهاتوو.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

لەخۆتەوە قسـە لەهەموو شتێك مەکە. ڕاستە گیرفانت پڕە بەڵام بیر لەداهاتوو بکەرەوە. کەسـێك هەیە تۆی خۆشـدەوێ لەدوورەوە ئاگای لەتۆیە.لەڕێگەی مۆبایلەوەپەیوەندی بکە بەهاورێیەکەت چونکە هەواڵی خۆشـی لەلایە. هەموو کەسێك بناسەبەڵام سادە بە لەمامەڵەوگفتوگۆکردندا.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

رووبەرووی گرفتەکانت بەرەوە،پێویسـتیت بەپشـووە. ڕێگەیەکی سادە هەڵبژێرە بۆقسـەکردنت لەگەڵ خۆشەویستەکەت. لەم ماوەیە نامەیەکی خۆشت پێدەگات دڵت پیَ ی شادومان دەبیَ. نهێنییەکانت لای هەموو کەسێك مەدرکێنە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەردەوام بەدوای زانستی نویَ بگەریَ چونکە چارەسەری کێشەی تۆ پێویستی بەیارمەتی زیاترە. کەل وپەلـی نێوماڵەکەت ڕێکبخە میوانێکت بەناوەخت دێت. دوودڵـی لەزۆر کار بۆیە هـەردەم وادەزانی دونیا بەسەرپشـتی تۆوەیە. هێمن ولەسەرخۆکارەکانت ئەنجام بدە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بیرکردنـەوەی بەردەوامـت بۆپێکهێنانـی سـامانێکی زیاتـر لەبەرژەوەندی تۆدانیەوهاورێکانـت هەراسـان دەبن.هەندیَ کات تەرخان بکە بۆئەوکەسـەی کەخۆشت دەویَ بەگفتوگۆ چارەسەری تەواوی مەسەلەکان بکە،ماوەیەکە هەست بەتەنیایی دەکەی بۆیەهەرزوو خۆت لەوحالەتەدەربازبکە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەسێکی سەرکەوتووی لەپەیوەندی بەستن ئەمەش بەهۆی زیرەکی خۆتە،مەهێلە ناکۆکی بکەوێتەنێوان تۆ وخۆشەویستەکەت.بەپێکەنین دەتوانی زاڵ بیت بەسەر زۆرکێشـە. خۆشترین رۆژت دووشـەممە دەبێت،لەم ماوەیهاورێیەکت پەیوەندیت پێوەدەکات هەواڵێکی خۆشت پێدەدات.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پەشـیمانی هیچ کات سـوودی بۆت نابێت هەربۆیە لاپەرەیەکی نویَ بکەرەوە ورووبەرووی کێشـەکانت ببەوە،باری سـۆزداریت بەرەو باشـی دەڕوات .دڵت فراروان بێت لەگەڵ هاورێیەکت ناکۆکیت دەبیَ بۆئەمەش پێویستیت بەیارمەتی کەسێکی ترە. باری دارایيت بەرەو باشی دەچێت



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

شێوازی کارکردنت لەکارەکانت سەرنجی بەرێوەبەرەکەتی ڕاکێشاوە ئەوکەسەی هەڵتبژاردووە کەسـێکی گونجاوە. ئاگاداری باری تەندروستیت بە.لەرێگەی برادەرێکتەوە کەسـێك دەناسی کەپێویستیت زۆر پێیەتی. باوەربە هەموو کەسێك مەکە چونکە خۆت شێوازی خۆتی.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ماوەیەکی زۆرە خەریکی خۆشەویسـتی ئێستاکاتێکی گونجاوە بۆ دەربڕینی ئـەوەی لەناختایە. دەکەویتـە بارودۆخێکی ناخۆش کەسـێك لەبنەماڵەکەتان یارمەتیت دەدات. کەسـێکی سادەی لەخۆتەوە کێشـەبۆهیچ کەسێك دروست مەکە.بەختەوەریت لەدەست خۆتە وهیچ هەلێك بەفیرۆمەدە.

iwan_gardi@hotmail.com ئیوان گەردی